

# دایک و هاوسەری شەهیدان داوا دەکەن سەرۆک بارزانی بەردەوام بێت

سـاڵێك لە داگیرکردنی مووسڵ و پەلاماردانی هەرێمی کوردسـتان لە لایەن چەکدارانی داعشەوە تێپەڕی، ئەو چەکدارە تیرۆریسـتانەی کە یەك لە سـەر سـێی خاکی عێراقیان لە چاوترووکانێکدا داگیر کرد و کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزیدییان کرد، بەڵام لە بەرامبەر حەماس و قارەمانەتی پێشـمەرگەدا بە چۆکدا هاتن و لە سنوورەکانی هەرێمی کوردسـتان راوەدوو نران. ئەوەش بە ئاسـانی نەهاتەدی، سەرۆك مەسـعود بارزانی خۆی راستەوخۆ لە بەرەکانی شـەڕی دژ بە داعش بەشـدار بوو، بەرەنگارییەکانی پێشـمەرگە قارەمانەکانیش پتر لە هەزار قوربانی لێکەوتەوە. لە ئێستاشدا کە هەوڵێك هەیە بۆ لێکترازاندنی ناوماڵی کورد، ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و شەخسی سەرۆك بارزانی کراوەتە ئامانج و ئیرادەی گەلیش ئەوە قبووڵ ناکات. بەتایبەتی خانەوادەی شەهیدانی پێشـمەرگە کە بە تێکڕا داوای درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی دەکەن. داوا لە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش دەکەن، رێگە بە هیچ هێزێك نەدەن لە سازان و پێکەوە گونجان دووریان بخاتەوە.



لە دەســـتپێکدا نەزیرە عەولا خێزانی شەهید سۆفی کە ئاسایش بوو لەبەردەم پارێزگای هەولێر لە کردەیەکی خۆکوژی تیرۆرســـتان شەهید کرا، ئاماژە بەوە دەکات کە مانەوەی سەرۆک مەسعود بارزانی لە پۆستی ســـەرۆکایەتی لە بارودۆخی ئێســـتادا لە زەڕور زەڕور ترە، وتیشـــی: من وەك هاوسەری شـــەهیدێك كە لەپێناو پاراستنی نیشـــتمان گیانبازی لەگەڵ مـــەرگ دەکرد، پڕ بە دڵ حەز دەکەم ســـەرۆك مەســـعود بارزانی بۆ جارێکی دیکە سەرۆکایەتی وڵاتی پێ بسپێردرێت، ســـەرۆك بارزانی پێش ئەوەی سەرۆکی میللەتێك و نەتەوەیەك بێت پێشـــمەرگەیەکی گیان لەســـەر دەستە و جێگەی متمانەی گـــەورە و بچووکە، ئێمە نامانەوێ وڵاتمان داگیر بکرێ و قەتـــل و عام بکرێین نامانەوێ لـــە ژێر دەواری ئاوارەیی منداڵە بێ نازەکانمان گەورە بکەین، چونکە مانەوەی ســـەرۆك بارزانی لە پۆستەکەیدا گرەنتی پاراستنی سەر و ماڵ و شەرەفمانە.

کوردستان حەســـەن کە هاوسەری شەهید کاوەیە، وێڕای ناردنی ســـڵاو بۆ گیانی پاکی بەرزەفڕی شەهیدانی خاك و وڵات، جەخت لەوە دەکاتەوە کە باشـــووری کوردســـتان پێویســـتی بە پارێزەرێکی ئەمین و دەســـتپاك هەیە، بۆ ئەوەی تەســـلیم بە دوژمن نەکات و لە پێنـــاو بەرژەوەندییەکان یخۆی نەمانفرۆشـــێت، هەروەها گوتی: من وەك هاوســـەری شـــەهیدێکی ئەم کوردســـتانە شیرینە لەگەڵ ئەوەدام ســـەرۆك مەســـعود بارزانی نەك بۆ دوو ساڵ و چوار ساڵ بەڵکـــو هەتاهەتایە ســـەرۆکمان بێت، من کـــە دایکی نۆ منداڵی بێ باوکم ڕەنگە منداڵەکانم کەموکورتی زۆریشـــیان هەبێت، بەڵام بوونی کاك مەســـعود بۆ ئێمە کافیە، سایە و سێبەری ئەو بۆ ئێمە لە نان و ئاو پێویســـت ترە، من هـــەر لە منداڵییەوە بارزانی نەمر و کاك مەســـعودم خۆشویستووە و بە کوردپەروەری و دادپەروەری ئەو بنەماڵەیە سەرســـامم، پێموایە ئەگەر لەم کات و ساتە هەستیارەدا ســـەرۆك بارزانی لابدرێت ئەوا داعش بە یەك ڕۆژ کوردستان داگیر دەکات و کچەکانمـــان دەرفێنێت و لە بـــازاڕەکان هەڕاجیان دەکات. ئەو خانمە کە هەم باوکـــە و هەم دایکە بۆ منداڵەکانی لە درێژەی ئاخاوتنەکەیدا خوازیاری ئەوەیە کە هەرچی زووە ئارامی باڵ بەسەر کوردستاندا بکێشێت.

نەشـــمیل قاسم دایکی شـــەهید نیگار کە لە میحوەری کەرکوك شـــەهید کراوە، ســـەبارەت بە هەمان پرس لە دەستپێکی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە: تاکە سەرکردە کە شایانی سەرۆکایەتیکردنی ئەم هەرێمە بێت بێگومان مەسعود بارزانییە، تەنیا کەسێکە هەوڵی ســـەربەخۆیی و بـــە دەوڵەتبوونی کوردســـتانی داوە، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئەو کەســـانەی کە خۆیان بە بەدیلی ســـەرۆك بارزانی دەزانن، لەم قۆناغە هەســـتیارەدا سەرۆك بارزانی جێگەی متمانەی گەلـــی کوردە و لە مێژووشـــدا ئەوەی ســـەلماندووە، بە تایبەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستانی داعش.

ئەو دایکە شـــەهیدە بە پێویستی زانی: هەرچی زووە بە هەموو لایەنە دڵسۆز و کوردپەروەرەکان ناوماڵی کورد یەکبخرێت و چیدیکە دوژمـــن و نەیارانی کورد بەخۆمان خۆش نەکەین، چونکە ئەوانەش کە ڕێگری لە ئاسایی بوونەوەی بارودۆخەکە دەکەن، بە دڵنیاییەوە بە فیتی دوژمنانی کورد ئەو کارە دەکەن، بۆئەوەی ئاسایشی باشووری کوردستان بخەنە ژێر مەترسییەوە.

من وەکو دایکە شـــەهیدێك ئامادەم چەك بکەمە شانم و شان بە شانی هاوسەرە پێشمەرگەکەم درێژە بە خەباتی ڕۆڵە عەمر کورتەکەم بدەم بۆ ئەوەی کوردســـتان پارێزراو و ئاوەدان بێت لە ژێر ســـایە و سێبەری سەرۆك مەسعود بارزانی.

لەلایەکی دیکەوە ڕەحمە ئەحمەد هاوســـەری شـــەهید یونســـە، سەبارەت بە پرسی یەکلایی نەبوونەوەی پۆستی سەرۆکایەتی ڕەخنە لە کوردانی هەرێمی کوردســـتان دەگرێت: بەداخەوە بۆ ئێمەی کورد کە نرخی ســـەرۆکێك نازانین کە هەموو تەمەنی لە پێشمەرگایەتی و خزمەتکاری میللەتەکەی ســـەرف کردووە، سەرۆکێك کە خەمی میلەتەکەی لە کۆڵ ناوە و لەپێناو ســـەربەخۆ بوون وڵات بە وڵات گەڕاوە و کێشـــەی کوردی بە دنیا ناساندووە، گوتیشی: سەد لە سەد لەگەڵ مانەوەی سەرۆك بارزانیم و خۆشەویستی و دادپەروەری ئەو ســـەرکردە خاکییـــە وای کرد کە ڕۆڵە و هاوســـەری خۆمان فیدای ئەو ئاڵایە بکەین کە سەرۆك پارێزەریەتی، دڵنیام ئەگەر کاك مەسعود سەرۆك نەبووایە ئێستا چارەنووسی ئێمەش لە چارەنووسی بەشـــەکانی دیکەی عێراق خراپ تر دەبوو، ئێستا ژن و کچەکانی ئێرەش فرۆشرابوون و بەزۆر جیهادی نیکاحیان پێکرابوو.

هەر ســـەبارەت بـــە ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان لەســـەر پرســـی ســـەرۆکایەتی و نەدۆزینەوەی چارەســـەری یەکلاکـــەرەوە دایکی شـــەهیدانی کوردســـتان(دایکە عایشە)، ســـەردانی نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان لە سۆران دەکات و پەیامێك ئاڕاستەی لایەنە سیاسییەکان دەکات.

دایکە عائیشـــە کە بە دایکی شـــەهیدانی کوردســـتان ناسراوە، سەردانی نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان لە شارۆچکەی سۆران دەکات و ســـەبارەت بە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردســـتان و کێشەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردســـتان و ئەو کێشانەی لە نێوان لایەنە سیاســـییەکان هەیە، پەیامێك پێشـــکەش دەکات بۆ ئەوەی خوێنی شـــەهیدان بە فیـــڕۆ نەچێـــت داوای یەکڕیزیی نـــاو ماڵی کورد دەکات.

**سەرۆک بارزانی پێش ئەوەی سەرۆکی میللەتێک و نەتەوەیەک بێت پێشمەرگەیەکی گیان لەسەر دەستە و جێگەی متمانەی گەورە و بچووکە**

**من وەک هاوسەری شەهیدێکی ئەم کوردستانە شیرینە لەگەڵ ئەوەدام سەرۆک مەسعود بارزانی نەک بۆ دوو ساڵ و چوار ساڵ بەڵکو هەتاهەتایە سەرۆکمان بێت**

**ئەگەر لەم کات و ساتە هەستیارەدا سەرۆک بارزانی لابدرێت ئەوا داعش بە یەک ڕۆژ کوردستان داگیر دەکات و کچەکانمان دەرفێنێت و لە بازاڕەکان هەڕاجیان دەکات**



## سورەیا فەلاح:

### لێکۆڵەر و چالاکی سیاسی – کۆمەڵایەتی بۆ گوڵان :

# هەتا بەشداری ئافرەت لە بواری ئابووریدا لاواز بێت، لە بەشداری سیاسیشدا پێگەیەکی ئەوتۆیان نابێت

سورەیا فەلاح، لێکۆڵەر و چالاکی سیاسی – کۆمەڵایەتی، دانیشتووی لۆس ئەنجلسی کالیفۆرنیایە. لە روخسارە دیارەکانی پرسی مافی مرۆڤ و مافی کەمینە دینی و نەتەوەییەکانە. دەرچووی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە و لە دامەزرێنەرانی رێخکراوی ناحکوومی "ژنان رێبەرانی ژیان"ـە و بەڕێوەبەری پلانی یەکێک لە ئەنجومەنەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. هەروەها راوێژکار و بریکاری بەڕێوەبەری لقی لۆس ئەنجلسی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان و راوێژکاری ئەنجومەنی ژنانی ئازەرمێهرە. نووسەری کتێبی "رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پرۆسەی پەرەسەندنی مافی ژنان" و کتێبی "سەوزی مەجارستان"ـە. سەدان وتار و لێکۆڵینەوەی تایبەتیشی لە بواری مافی مرۆڤ و کەمینە نەتەوەییەکان نووسیوە. بە هۆی کارە بەردەوامەکانی لە بواری مافی مرۆڤ و ژناندا، چەندین جار خەڵاتی رێز لێنانی وەرگرتووە و تا ئێستاش لە کارەکانیدا بەردەوامە. لەم دیمانەیەشدا وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دەداتەوە.



*** ئەگەر ئافرەت لە دارشتنی سیاسەتدا ڕۆڵی هەبێت، ڕەوشی سیاسەت بەرەو چ ئاڕاستەیەك دەچێت؟**

- مرۆڤی پێشکەوتوو بەو قەناعەتە گەیشتووە کە ئافرەت دەشێ بەشداری لە سیاسەتدا بکات، تا پرۆسە و ڕەهەندی کۆمەڵگە پێشکەوتن بە خۆیەوە ببینێت. یەکێک لەو فاکتەرانە کە گۆڕانکارییە ئەرێنییەکانی هێناوەتەدی، بەشداری لە هێز و هەژموونی سیاسییە، واتە بەشداری ژن لە سیستمە سیاسییەکاندایە، لە وڵاتە پیشەیی و پێشکەوتووەکان و ئەو وڵاتانەی وا خەریکن پێشدەکەون، ئەم چەمکە لەگەڵ پێشکەوتوویدا گرێ دراوە. بۆ ئەوەی گرینگبوونی بەشداری عەقڵانی ئافرەت لە کایە سیاسییەکان زیاتر بەرجەستە بکەین، باشترە لە بواری تیۆرەوە بەشداری سیاسی ژن و ئەو پرۆسەیە شیکاری بۆ بکرێ. چونکە بەشداری ئافرەت لە بواری سیاسیدا پرۆسە و فەرایەندێکە کە پێویستە تاك بە تاکی کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی ڕەگەزی وەك ڕاستییەکی جێگیرکراو، یان وەك واقعێك لێی بڕوانن، بێگومان هەر پەرچەکردارێکی کۆمەڵگەیی بەشداری سیاسی نییە، بڵکو ڕەهەندی بەشداری ژن لە سیاسەت چەند خاڵی سەرەکی لەخۆدەگرێ، لەوانە: پێشنیار، پرۆگرامکردن، بڕیاردان، بەدواداچوون، کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکان، پاراستنی دەستکەوتەکان و پێداچوونەوەی دەسکەوتەکان و..تاد. کە لێکۆڵەران و زانایانی سیاسی، زۆر جار باسی ئەوانەیان کردووە.

*** بەگشتی بەشداری سیاسیی ئافرەت لە ڕەهەندە سیاسییەکاندا چۆن پۆلین دەکرێ ؟**

- یەکەم: کێبڕکێی بەشدارییە لە نێو دەزگا دەوڵەتییەکاندا.

دووەم: چالاکی شارومەندی و مەدەنی لە گشت جومگە و کایەکانی کۆمەڵایەتی سیاسیی کۆمەڵگەدا.

سێیەم: کاری خۆبەخشانەی سەرکەوتوو، یان سەرنەکەوتوو، ڕێکخراوەیی، یان بێ ڕێکخراو، ماوەیی، یان کاتیی، کە لەسەر دروستکردنی سیاسەت و شێوەی حکومەت کاریگەری هەبێت.

ئەگەر لە بواری تیۆرییەوە ئەم باسەمان قبووڵ بێت، دەتوانین بڵێین: تەنیا بە بەشداری هاکەزایی ئافرەت ناتوانین پێڕەوی ئازادی و بەشداربوونی سیاسی بکەین. چونکە عەقڵییەتی ئافرەت دەدرێت بە دەست ئەو کەسانەی کەوا دەیانەوێت لە ئافرەت وەک ئامێری دەستی حکومەت، یان حزب، یان گرووپ بەکاری بێنن، کە لە بەرژەوەندی یەکسانی و ئازادی ئیش ناکەن.

بە چاوخشاندن بەوانەی باسمکردن، دەتوانین هەر کۆمەڵگەیەك هەڵسەنگێنین کە تا چ ڕادەیەک ئەقڵی ئافرەت لە سیاسەتدا بەشداری پێکراوە.

*** زۆرێك لە ڕۆشنبیران ئاماژە بەوە دەکەن، کە بەشداری ئافرەت لە سیاسەتدا، ئەگەر بە ژمارە کەمیش بێت، دەتوانێت لە داهاتووی وڵاتێکدا وەک پیادەکردنی دیموکراسی ڕۆڵی هەبێت، لەو بارەیەوە ڕاتان چییە؟**

- بە هەر شێوەیەك بەشداری ژن لە سیاسەتدا ڕێگە خۆشکەری سیستەمێکی باشترە. سیستەمێک کە ئێمە بەگشتی تێیدا دەژین، بەپێی ڕەگەز دابەشکراوە، بەڵام تا ڕادەیەک ئەم سیستەمە لە دنیای سیاسەتدا شکاوە، ئەویش بە هیممەتی ژنان و ئەو پیاوانەی وا تێکۆشەری مافی مرۆڤن. بەڵام هێشتا کەلتووری زۆربەی وڵاتانی دنیا، دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ پیاوان زەوت کردووە، ئەوەش نۆرمی کەلتووری نێرسالارییە کە ڕێگری لە ئیرادەی ئافرەت و بەشداربوونی لە جومگەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەکات. لە ڕوانگەی سایکۆلۆژییەوە خەباتی ژنان لە دوو حاڵەتدایە و لە هەر دوو حاڵەتەکەشدا دەبێت لە خەبات بەردەوام بێت. یەکەمیان، هەڵوێست و ڕوانگەی ئەرێنیی بنەماڵە و کۆمەڵگەکەی بەرامبەر بە چالاکی و تێکۆشانی کە پشتگیری دەکەن و بۆ ئەوەش کە ژن مافەکانی بە یاسا دەستەبەر بکات، دەبێت لە تێکۆشان بەردەوام بێت، دووەمیش هەڵویست و ڕوانگەی نەرێنیی بنەماڵە و کۆمەڵگە ئافرەتانی چالاکان دوو بەش دەکات، بەشێکی دەستبەردای خەبات و چالاکی دەبێت، بەشی دووەمیش بە میکانیزمێکی دی، دەست بە کار و چالاکی زیاتر دەکەن بەرامبەر ئەو ستەمکاری و زەڵمانەی کە دەرحەق بە ژن دەکرێت. بەگشتی هەتا فشار و زوڵم زیاتر بێت، ئیرادەی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمکار زیاتر دەبێت.

*** بەشداری سیاسیی ئافرەتان لە سیستەمە جیاوازەکان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- بەشداری ژنان لە بوارە سیاسییەکانی سیستمی دیکتاتۆری و زۆرداری لەگەڵ سیستمی دیموکراتیدا زۆر جیاوازە. لەسیستمی دیکتاتۆریدا بژاردنی دەنگ بێ مانایە، تۆتالیتارەکان پێویستیان بە مەشروعییەت لەناو میللەتدا نییە، ئەمە لە کاتێکدایە کە مەشروعییەت یەکەم مەرجی مانەوەی سیستمی سیاسی دیموکراتییە، هەر بۆیە ڕێژەی دەنگ و ژمارەی بەشداری خەڵك زۆر گرنگە، هەر بۆ نموونە لە کاتی هەڵبژاردن و گۆڕانکاری بۆ سەرۆکایەتی حزبێك، جاری وابووە بە دەنگێك یەکلا بووەتەوە، بۆیە هەموو دەسەڵاتێك پێویستی دەنگی کۆمەڵگەی خۆی هەیە. ژنیش دەبێت بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی هەوڵی ڕاکێشانی ئەو دەنگانە بدات. لە لایەکی دیکەوە لەو کاتەوە کە بزاڤە فیمینستییەکان دەستیان بە کارکرد و ژنان ڕێگەی خۆیان لەپیاوان جیا کردەوە، تا ڕادەیەك سیاسەت وەك ئەرکێکی پیاوانە ڕۆیشتە ژێر پرسیارەوە، بەشداری ژنانیش لە پرسە سیاسییەکان زیاتر بوو. هەندێك لە بزووتنەوەکانی ژنان لە چوارچێوەی حزبە سیاسییەکاندا بووە، هەندێکیش لە ڕێگەی نووسین و چالاکی جۆراوجۆر بە بیر و بڕوایەکی ڕەخنەگرانە لە دژی ستەم چالاکییان کردووە، جاری واش بووە کە لە ڕێگەی خەرجکردنی پارە و بە هێزی ئابووری ژن مافی خۆی سەپاندووە، هەروەها چالاکی و زیرەکی ئافرەت لە بواری زانستی ڕەهەندێکی وای پێکهێناوە کە زۆر لە پیاوان دان بە تواناکانی ئافرەتدا بنێن، ئەم شێوازانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ڕۆژئاوا جیاوازییەکی زۆری بووە، ئەو جیاوازییانەش لە ئەمڕۆدا خۆی زیاتر پێشان دەدات. لە وڵاتێکی وەك ئێران تواناکانی ژنان لە بواری کەلتووری و هونەر و زانست و

**ئەگەر هەر دوو ڕەگەز پێکەوە بۆ نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزیی کار بکەن، ئەوا ڕەوشی سیاسی و بەشداری ئافرەتیش لەو بوارەدا بە ئاڕاستەیەکی بەرز دەگات**

**دواخستنی ئافرەت بە هۆکاری نەریتی و ئایینی و بەرد خستنە سەر ڕێگەیان لە بەشداری سیاسی و ئابووری، وڵات و نەتەوەیەکیش دوادەخات**

**کاتێ ژن توانی لە هەرێمێکی ژێردەست و لەژێر یاسای نەیار و ڕەگەزپەرستەکان چالاکی بەردەوامی هەبێت، ئیتر بە زوڵم و زۆر و توندوتیژی قایل نابێت و بەرامبەری ڕادەوەستێ**




کۆمەڵایەتی و بە تایبەتی لە سیاسەتدا پشتگوێ خراوە، لە دیالۆگی نێو کتێبەکانیشیان ژن تەنیا وەك «تەواوکەری پیاو» تەماشا کراوە، لە نێو کتێبی قوتابخانەکاندا نایەکسانی ڕەگەزی بەئاشکرا دیارە، پیاو بە سەرپەرشتی ماڵ دەناسرێت، کە نانهێنەری ماڵەوەیە، ژنیش تەنیا وەك دایك و هاوسەرێکی باش ئەشێ ئەرکی سەرشانی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت. بەگشتی ژنان وەك پەراوێزی کۆمەڵگە تەماشا دەکرێن، ئەگەر کارێك کە پێیان سپێردراوە بە باشی نەیکەن، ئەشێ باجەکەی بدەن، سیاسەتی خراپی هەندێك وڵات دەم و چاوێکی دواکەوتووی لە ژن نیشان داوە، کە جیاوای زۆری لەگەڵ ڕاستی و تواناکانی ئافرەت هەیە، دەوڵەت حەزی بە هێشتنەوەی ژنانە لە ماڵەوە، بەشی زۆری نێرینەی کۆمەڵگەشی لە سەر ئەو بنەمایە ڕاهێناوە، هەر ئەوانەش زەمینەی زۆر لە توندوتیژییەکانی خۆش کردووە.

*** لە وڵاتێکی وەك کوردستان کە ئافرەتان ناچار بن، وزەی خۆیان بۆ شەڕکردن لەگەڵ هەموو جۆرەکانی ستەمکاری دابنێن، چۆن دەتوانن بۆ کاری سیاسی خۆیان بەهێز بکەن؟**

- دوو شکڵی بەشداری سیاسی هەیە، بڕیاڕدان و بڕیاڕوەرگرتن، هەردووکیان بەشداری سیاسین، بەڵام ئەگەر ئافرەتان لە ئەقڵییەتی خۆیان کەڵك وەرنەگرن، لە هەر دوو شێوازەکە دەبنە ئامێرێک بە دەستی پیاوەکانەوە، کە تەنیا لە بەرژەوەندی خۆیان کەڵکیان لێ وەردەگرن، نەک بە مەبەستی سەرخستنی سیستەمێک کە هەر دوو جێندەر بە یەکسانی سەیر بکات. سەبارەت بە ئافرەتی کوردیش دەتوانم بڵێم: ئافرەتانی کورد لە بەشداری سیاسی بێبەش نەبوون، ژمارەی ژنانی بەشدار و ئەندامی حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئەوەمان پێشان دەدات، کە لە سیاسەت بەشدارییان کردووە، هەروەها وەکو تاکیش ئافرەتی کورد هەیە لە سیاسەت چالاك بوون. من پێموایە کاتێ کە ژنێ توانی لە هەرێمێکی ژێردەست و لەژێر یاسای نەیار و ڕەگەزپەرستەکان چالاکی بەردەوامی هەبێت، ئیتر بە زوڵم و زۆر و توندوتیژی قایل نابێت و بەرامبەری ڕادەوەستێ.

ئەگەر لە هەر چواربەشی کوردستان بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێ کە لە ڕۆژئاوای کوردستان ژنانی کورد بەشداری چالاکانەی سیاسی و حزبی و تەنانەت سەربازییان هەیە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو کاتێکدا ڕۆڵیان لە بەشداری سیاسی لە حزبەکان و بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانیش هەبووە. لە پرۆسەی شۆڕشی گەلانی ئێران و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستاندا قوربانی زۆریان داوە. لە باکووری کوردستانیش بە هەمان شێوە بووە و بەشداری ژنان تەنانەت لەهەر دوو شێوازی خەباتی سیاسی و چەکداری بەردەوامە. لە باشووری کوردستانیش ژنان قۆناغی زۆریان بڕیوە، هەرچەندە ژنانی باشووری کوردستان لە ئێستادا لە وەزعی بەشداری خۆیان لە دەسەڵاتدا ڕازی نین، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانیش ڕێژەی بەرچاویان لە پەرلەمان هەیە و لە پلەی بەرزی وەزارەتیشدا کار دەکەن. بەڕای من ئەم بارودۆخە لەم پارچەی کوردستاندا بە خێراییەکی دیاریکراو چووەتە پێشەوە، هەوراز و سەروخوارێکی زۆریشی دەبێت. بەڵام ڕێگەیەکی دیموکراتی و خەڵکییە و پلورالیسمێکی زۆری تێدایە و تیاشیدا دەبێت، ئەگەر خۆپەرستی و تاکایەتی و بەرژەوەندی تەسکی کەسی و حزبی بەکار نەهێندرێت. بەگشتی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان پێشکەوتووەو خەریکی پەیداکردنی ئایندەی خۆیەتی، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین هەتا بەشداری ئافرەت لە بواری ئابووریدا لاواز بێت، لە بەشداری سیاسیشدا پێگەیەکی ئەوتۆیان نابێت. بێگومان دواخستنی ئافرەت بە هۆکاری نەریتی و ئایینی و بەرد خستنە سەر ڕێگەیان لە بەشداری سیاسی و ئابووری، وڵات و نەتەوەیەکیش دوادەخات. بۆیە پێویستە مومارسەی سکۆلاریزم لە دەستووری کاری خەباتکارانی یەکسانیخواز بێت. من لە هەموو کاتێکدا لە سەر هاوکاری و یارمەتی پیاوانی یەکسانیخواز حسیاب دەکەم، ئەگەر هەر دوو ڕەگەز پێکەوە بۆ نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی کار بکەن، ئەوا ڕەوشی سیاسی و بەشداری ئافرەتیش لەو بوارەدا بە ئاڕاستەیەکی بەرز دەگات.

**هەندێک لە بزووتنەوەکانی ژنان لە چوارچێوەی حزبە سیاسییەکاندا بووە، هەندێکیش لە ڕێگەی نووسین و چالاکی جۆراوجۆر بە بیر و بڕوایەکی ڕەخنەگرانە لە دژی ستەم چالاکییان کردووە، جاری واش بووە ژن بە هێزی ئابووری مافی خۆی سەپاندووە**

**هەموو دەسەڵاتێک پێویستی بە دەنگی کۆمەڵگەی خۆی هەیە. ژنیش دەبێت بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی هەوڵی ڕاکێشانی ئەو دەنگانە بدات**